# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای خانەقین
# (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان)

**جەزا تۆفیق تالب[١]، هێمن نصرالدین محمد امین[٢]**

[١] بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

[٢] بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، شاری کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: **jaza.talib@univsul.edu.iq**

## پوختە

شیکردنەوەی جوگرافی دانیشتوانی هەر ناوچەیەك لەو بابەتە گرنگانەیە کە پێویستە بخرێتەبەر باس و لێکۆڵینەوە لەلایەن پسپۆڕانی ئەو بابەتەوە، گرگنی ئەمە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر لایەنی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، بۆیە ئەم توێژینەوەیە لە بواری جوگرافیای دانیشتوانی قەزای خانەقین ئەنجامدراوە، کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دیالە و هاوسنوورە لەگەڵ کۆماری ئێران و پێگەیەکی گرنگ لە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت بەو پێیەی دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە و لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە قەزای خانەقین دەکەوێتە نێوان دووبازنەی پانی (٣٨= ٥٦- °٣٣ - ٤٠= ٠٦- °٣٥)ی باکور و نێوان دوو هێڵی درێژی (١٠= ٥٠- °٤٤ - ٤٤= ٤٦- °٤٥)ی ڕۆژهەڵات. ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای خانەقینە بەپێی سەرژمێرییە فەرمییەکانی عێراق، هەروەها گۆڕانکاری لەژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەی نەتەوەیی بەپێی سەرژمێرییە فەرمییەکان بەهۆی سیاسەتی بە عەرەبکردنەوە، لەژێر ڕۆشنایی ئامانجەکەی توێژینەوەکە بۆ سێ تەوەری سەرەکی دابەشکراوە، ئەوانیش (ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە، دانیشتوانی قەزای خانەقین، پێکهاتەی نەتەوەیی لەقەزای خانەقین)، توێژینەوەکە گەیشتۆتە کۆمەڵێك ئەنجام گرنگترینیان ئەوەیە دەبینین لەسەرژمێرییە فەرمییە بەدوای یەکەکانی عێراق ڕێژەی کورد لەقەزاکە کەمی کردووە، لەبەرانبەردا ڕێژەی عەرەب زیادی کردووە بەتایبەت سەرژمێری (١٩٧٧)، هۆکاری ئەوەش بۆ سیاسەتی بەعەرەبکردن دەگەڕێتەوە کە لەلایەن حکومەتی ئەوکاتەی عێراقەوە.

**وشە کلیلییەکان:** سیاسەتی بەعەرەبکردن ، قەزای خانەقین ، سەرژمێری دانیشتوان



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١٢/٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٢/٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | jaza.talib@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ پ. د. جەزا تۆفیق تالب، م. ی. هێمن نصرالدین محمد امین، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## الملخص

التحليل الجغرافي لسكان في اي منطقة هي واحدة من أهم القضايا التي ينبغي مناقشتها والتحقيق فيها من قبل الخبراء في هذه المسألة، اهمية هذه الموضوع في الجوانب الاقتصادية والسياسية والاجتماعية. يعد هذا البحث ضمن مجال جغرافيا السكان لقضاء خانقين، التي تقع في شمال شرق محافظة ديالى في حدود جمهورية الايرانية، حيث يحتل موقعاً مهماً في اقليم كوردستان لكونه يقع في جزء جنوب شرق اقليم كوردستان، فلكياً يقع قضاء خانقين بين دائيرتي عرض (٣٨= ٥٦- ٣٣° - ٤٠= ٠٦- ٣٥°) شمالاً، وخطي طول (١٠= ٥٠- ٤٤° - ٤٤= ٤٦- ٤٥°)شرقاً، يهدف هذه الدراسة الى عرض عدد وتركيب القومي لسكان قضاء خانقين حسب التعدادات السكانية الرسمية للعراق، وتغيير في عدد السكان وتركيبها القومي حسب تعداد الرسمية بسبب سياسة التعريب، وفي ضوء اهداف البحث تم تقسيم البحث الى ثلاثة محاور رئيسية (تعرف منطقة الدراسة، سكان قضاء خانقين، التركيب القومي لقضاء خانقين)، توصل البحث الى مجموعة من النتائج اهمها انخفاض نسبة الكورد في جميع تعدادات الرسمية تدريجياً، بالمقابل ازداد نسبة العرب خصوصاً في تعداد (١٩٧٧) ويعود سبب ذلك الى سياسة تعريب من قبل حكومة العراقية.


**الكلمات المفتاحية:** سياسة التعريب ، قضاء خانقين ، تعداد السكان


## Abstract

The geographical analysis of the population of each region is one of the most important issues that should be discussed and investigated by experts in this matter, grunting finds itself reflecting on the economic, political and social aspects. This research is considered within the field of Population Geography in the district of Khanaqin, which is located in the northeast of Diyala governorate on the Islamic Republic of Iran border. It has an important location in the Kurdistan region, as it is located in the southeast part of the Kurdistan region. (33° 56¯ 38= - 35° 06¯ 40=) north, and two longitudes (44° 50¯ 10= - 45° 46¯ 44=) east. This study aims to present the number and national composition of population of Khanaqin district according to the official population censuses of Iraq, and a change in the national composition due to the policy of Arabization, In light of the research›s objectives, the research has been divided into three main topics: «Introducing the research area, the population of Khanaqin district, and the national movement in Khanaqin district». the research reached a set of results, the most important of which is the gradual decrease in the percentage of Kurds in all official censuses. On the other hand, the percentage of Arabs increased, especially in the census (1977). The reason for this is the Arabization policy by the Iraqi government.

## پێشەکی

زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان، لەگرنگترین بابەتەکانی پەیوەست بەجوگرافیای دانیشتوانن، بەجۆرێك زۆربوونی خێرای ژمارەی دانیشتوان کە بە تەقینەوەی دانیشتوان دەناسرێت و گۆڕانکاری دیمۆگرافی لەسەرەتای سەدەی ڕابردووە جێگەی بایەخپێدانی زۆرێك لەپیسپۆڕانی ئەو بوارەن، ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت هۆکارەکانی پشت ئەو گۆڕانکارییەن، کە بەشێکی زۆری ئەو هۆکارانە لەقەزای خانەقین سیاسەتی بەعەرەبکردن بووە، سیاسەتی بەعەرەبکردن یەکێکە لەو پیلانانەی کە حکومەتی بەعسەوە دژ بە نیشتیمان و خاکی کوردان پەیڕەوی دەکرد، لەگەڵ هەریەکە لەو تاوانانەی تری وەکو لەئەنفال و کیمیاباران و کوشتن و بڕین و وێرانکردنی شارۆچکە و دێهاتەکان و لەناو بردنی سەروەت و سامانی گەلی کورد هەروەها ڕاگواستن و شێواندنی باری دەرونی و زۆر تاوانی تر دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە، کە بەشێوازی جیاجیا و لە ژێر ناونیشانی جیاواز و بەبیانووی بێبنەماوە، هەرجارە و تاوانێکی قێزەونی دەرحەق بە گەلی کورد ئەنجامداوە.

## کێشەی توێژینەوە

ژمارەی دانیشتوانی قەزای خانەقین بەپێی سەرژمێرییە فەرمییەکانی عێراق گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەت لەڕووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە، بۆیە کێشەی توێژینەوە بەم شێوەیە دەخرێتەڕوو:

١ - ئایا پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی قەزاکە بە چ هۆکارێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ؟

٢ - ئایا گۆڕانکاری لەژمارەی دانیشتوانی قەزای خانەقین بەپێی سەرژمێرییە فەرمییەکان چۆنە ؟

## گریمانی توێژینەوە

وەك وەڵامدانەوەیەکی پێشوەخت و سەرەتایی بۆ کێشەی توێژینەوەکە پێشنیاری ئەم گریمانانە دەکرێت:

١ - بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن لەلایەن حکومەتی بەعسەوە گۆڕانکاری بەرچاو لەپێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی قەزای خانەقیندا ڕوویداو.

٢ - گۆڕانکاری بەرچاو لەژمارەی دانیشتوانی قەزای خانەقین بەپێی سەر ژمێرییە فەرمییکان ڕوویداوە.

ئامانجی توێژینەوە

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای خانەقینە بەپێی سەرژمێرییە فەرمییەکانی عێراق، هەروەها گۆڕانکاری لە ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەی نەتەوەیی بەپێی سەرژمێرییە فەرمییەکان بەهۆی سیاسەتی بە عەرەبکردنەوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە پشتی بەمیتۆدی مێژووی و پەستنی (وەصفی) بەستووە، کە تێیدا ئاماژە بەمێژووی گۆڕانکاری لەدانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا کراوە بەپێی سەرزکێرییە فەرمییەکانی عێراق، هەروەها پەسنی جوگرافیای مرۆیی ناوچەکە کراوە بەپێی سەر ژمێرییە جیاوازەکان.

## پلانی توێینەوەکە

لەژێر ڕۆشنایی ئامانجەکەی توێژینەوەکە بۆ سێ تەوەری سەرەکی دابەشکراوە، ئەوانیش:

تەوەری یەکەم/ ناساندنی ناوچەی توێژینەوە لەڕووی (شوێنی جوگرافی و ڕووبەری ناوچەکە بەگشتی و لەسەر ئاستی یەکە کارگێرییەکان هەروەها بایەخی ستراتیجی قەزای خانەقین.

تەوەری دووەم/ دانیشتوانی قەزای خانەقین

تەوەری سێیەم/ پێکهاتەی نەتەوەیی لەقەزای خانەقین لەسەر ئاستی نەتەوە جیاوازەکان و قەبارەیان بەپێی سەرژمێرییەکان.

تەوەرەی یەکەم/ ناساندنی ناوچەی توێژینەوە


ئامانج لەم تەوەرەیە خستنەڕووی شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی قەزای خانەقینە، لەگەڵ ڕووبەری گشتی قەزاکە و یەکە کارگێڕییەکانی، سەرەڕای خستنەڕووی بایەخی ستراتیجی قەزای خانەقین، ئەوانیش بەم شێوەیە:

### ١ ) شوێنی قەزای خانەقین:

قەزای خانەقین دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دیالە و هاوسنوورە لەگەڵ کۆماری ئێران و پێگەیەکی گرنگ لە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت بەو پێیەی دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە و لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە قەزای خانەقین دەکەوێتە نێوان دووبازنەی پانی (٣٨= ٥٦- ٣٣° - ٤٠= ٠٦- ٣٥°)ی باکور و نێوان دوو هێڵی درێژی (١٠= ٥٠- ٤٤° - ٤٤= ٤٦- ٤٥°)ی ڕۆژهەڵات (محمد امین، ٢٠١٦، ل٩.)، (نەخشەی ١). بەم پێیەش قەزای خانەقین پێگەیکی جیۆستراتیژی گرنگ پێکدەهێنێت لە هەردوو دۆخی ئاشتی و جەنگدا.

بە درێژای مێژووی گەلی کوردستان قەزای خانەقین بە حوکمی پێگە جوگرافیەکەی دەروازەیەکی گرنگی هاتوچۆو و ڕێرەوی شاڵاوەکانی هێرش بووە لە نێوان دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانیدا، بەهۆی ئەوەی قەزای خانەقین دەکەوێتە نێوان ناوچەی دەشتی لیتەیی و ناوچەی شاخاوی، بۆیە بووبوە ناوەندێکی بازرگانی و ئابووری گرنگ (الخلف، ١٩٦٥، ص٤٠١-٤٠٢)، هەروەها نەتەوەی کورد لەم دیو و ئەودیوی سنور بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ڕۆڵێکی پەیوەندی گرنگ دەبینێت لە مانەوەی کەلتووری ناوچەی گەرمەسێر، لە سەردەمی ئێستاشماندا دەروازەی باشووری هەرێمی کوردستانە بە ڕووی کۆماری ئێراندا و بە درێژای (١٧٠)کم سنوور لەگەڵ ئێراندا پێکدەهێنێت (الدفتر، و عبدالله حسن، ١٩٥٨، ص٥٩-٦١)، و پانتایی قەزای خانەقین لە خاڵی سەر سنوری ئێرانەوە تاوەکو کۆتایی سنووری کارگێڕی خانەقین لەبەرفراوانترین شوێنیدا دەگاتە نزیکە (٧٥)کم (الدفتر، و عبدالله حسن، ١٩٥٨، ص٦٢-٦٣)، و هەر لەم سنوورەوە بەغدادی پایتەختی عێراق دوورییەکەی کەمترە لە (١٥٠)کم، بەمەش لە ڕوانگەی جوگرافیای سەربازییەوە ئێران دەتوانێت بە ئاسانی بەغداد بخاتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە.

**نەخشەی ژمارە (١) شوێنی قەزای خانەقین بەپێی هەرێمی کوردستان و عێراق**




سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپرۆگرامی (Arc Map GIS 10.5)، و بەپشت بەستن بە: ١ ) هاشم یاسین وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل٨١.

٢ ) وزارة التخطيط، الهيئة العامة للمساحة، بغداد، خريطة العراق الادارية، قضاو خانقين, مقياس الرسم ١: ٥٠٠٠٠٠.

## ٢ ) ڕووبەری قەزای خانەقین:

ڕووبەری قەزای خانەقین بەسەرجەم ناحیەکانیەوە دەگاتە (٣٩١٥)کم٢ وەکو لە خشتەی ژمارە (١) بەدەردەکەوێت، کە سەنتەری خانەقین لە ڕیزبەندی پێشەوەیە و ڕووبەرەکەی (١٢٨٨)کم٢، و پاشان ناحیەی قورەتوو دێت کە ڕووبەرەکەی دەکاتە (٨٦٨)کم٢، ناحیەی سەعدییەش ڕووبەری دەگاتە (٦٥٤)کم٢، و ناحیەی مەیدانیش دەکاتە (٦٣٨)کم٢، بچوکترینیشیان ناحیەی جەلەولایە کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (٤٧٦)کم٢ بڕوانە خشتەی ژمارە (١) و شێوەی ژمارە (١) و نەخشەی ژمارە (٢).

**خشتەی ژمارە (١) ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکانی قەزای خانەقین بە (کم٢)**


| ناحیە | ڕووبەر/کم٢ |
|---|---|
| سەنتەری ناحیەی خانەقین | ١٢٨٨ |
| ناحیەی قورەتو | ٨٦٨ |
| ناحیەی سەعدیە | ٦٥٤ |
| ناحیەی مەیدان | ٦٣٨ |
| ناحیەی جەلەولاو | ٤٦٧ |
| کۆی ڕووبەری قەزای خانەقین | ٣٩١٥ |

سەرچاوە:

أ ) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للآحصاء، المجموعة الآحصائية السنوية لعام ١٩٨٦، مطبعة الجهاز المركزي للآحصاء، بغداد، ص١٣-٣١.

ب ) جەزا تۆفیق تاڵب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم ، ١٩٩٩، ل ٢٢٣.

شێوەی (١) ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکانی قەزای خانەقین بە (کم٢)




سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (١).


## ٣ ) بایەخی ستراتیژی قەزای خانەقین:

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد قەزای خانەقین بایەخێکی جیۆستراتیجی و سەربازی گرنگی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق بەو پێیەی زیاتر لە (١٧٠)کم سنووری لەگەڵ کۆماری ئێراندا هەیە و لەسەر سنووری نێودەوڵەتی ئێرانەوە کە سنووری کارگێڕی قەزای خانەقینیشە بەغدادی پایتەخت تەنها کەمتر لە (١٥٠)کم دوورە، بەمەش بە بەردەوامی ئەم قەزایە جێگای بایەخی هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران بووە، چونکە بەحکومی شێوەی جێۆپۆلەتیکی عێراق ئەم ناوچەیە وەکو (کەمەرەیەك)ی بەرتەسکی لێهاتووە و کاریگەرییەکەی لە هەر دووکاتی جەنگ و ئاشتیدا بەدەردەکەوێت.

هەروەها قەزای خانەقین بایەخێکی جیۆئابووری گرنگیشی هەیە بەوەی کە یەکەم لێدانی بیری نەوت لە هەرێمی کوردستاندا لەم قەزایەدا لێدراوە لە ساڵی (١٩١٩)دا، و یەکەمین پاڵاوگەی نەوتیش لە عێراقدا لە ساڵی (١٩٢٧) هەر لە قەزای خانەقین بونیادنرا بەناوی پاڵاوگەی ئەڵوەند کە بەرهەمی ساڵانەی دەگەیشتە (٤٣٦٠٠) تەن (قیتولي، ٢٠٠٧، ص٤٨)، ناوچەی دەوڵەمەند بە نەوت لە ناوچەی (چیاسۆرخ) لە باکورەوە دەستپێدەکات بەرەو (نەوتخانە) لە باشوورەوە. لە بواری بازرگانی و ئابوریشدا قەزای خانەقین دەروازەیەکی گرنگی هێڵی ترانزێتە بۆ مامەڵەی بازرگانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان لەلایەك و کۆماری ئێران لە لایەکی تر، هەروەها لە دەروازەی مونزریەشەوە ساڵانە هەزاران گەشتیاری ئێرانی سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی عێراق دەکەن.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

نەخشەی ژمارە (٢) نەخشەی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای خانەقین




سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپرۆگرامی (Arc Map GIS 10.5)، و بەپشت بەستن بە: وزارة التخطیط، الهیئة العامة للمساحة، بغداد، خریطة العراق الاداریة، قضاء خانقین, مقیاس الرسم ١: ٥٠٠٠٠٠.

## تەوەرەی دووەم/ دانیشتوانی قەزای خانەقین

دانیشتوانی قەزای خانەقین بەگوێرەی سەرژمێرییە گشتییەکان بە بەردەوامی لە گۆڕانکاریدابووە، سەرەنجی خشتەی ژمارە (٢) و شێوەی ژمارە (٢) بدە لەسەرژمێری ساڵی (١٩٥٧)دا ژمارەی دانیشتوانی قەزای خانەقین دەگاتە (٥٧٤٩٩) کەس و دوای هەشت ساڵ و لە سەرژمێری ساڵی (١٩٦٥)دا ژمارەی دانیشتوان هەڵکشاوە و بووە بە (٨٦٠٧٠) کەس، بەڵام لە سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)دا ژمارەی دانیشتوان نزمبوونەوەیەکی گەورە بەخۆوە دەبینێت و دەبێت (٥٦١٦٩) کەس، ئەوەی تێبینی دەکرێت سەر لەنوێ بەرز بوونەوەی ژمارەی دانیشتوانە لەسەرژمێری

ساڵی (١٩٨٧) بۆ (١٠٢٢٩٨) کەس، هەروەها ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی (٢٠١٨)دا بەرێژەیەکی کەم بەرزبووەتەوە بۆ (١١١٩٦٦) کەس.

**خشتەی ژمارە (٢) ژمارەی دانیشتوانی قەزای خانەقین (١٩٥٧ – ٢٠١٨)**

| ساڵ | ژماری دانیشتوان/ کەس |
|---|---|
| ١٩٥٧ | ٥٧٤٩٩ |
| ١٩٦٥ | ٨٦٠٧٠ |
| ١٩٧٧ | ٥٦١٦٩ |
| ١٩٨٧ | ١٠٢٢٩٨ |
| ٢٠١٨ | ١١١٩٦٦ |

سەرچاوە:

أ ) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الآحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي ديالى و الكوت، دار التضامن للتجارة و الطباعة و النشر، بغداد، ١٩٦١، الجداول رقم (٢٢).


ب ) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للآحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزي للآحصاء، بغداد، ١٩٧٣، ص٥.

ج ) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للآحصاء السكاني، نتائج التعداد العام للسكان السنة ١٩٧٧، لمحافظة ديالى، مطبعة الجهاز المركزي للآحصاء، بغداد، ١٩٧٨، ص٣٠.

د ) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للآحصاء السكاني، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة ديالى، مطبعة الجهاز المركزي للآحصاء، بغداد، ١٩٨٨، جداول رقم (٢٢).

هـ ) وزارة التخطيط – الجهاز المركزي للاحصاء، تقديرات سكان العراق (٢٠١٥ – ٢٠١٨)، مديرية احصاء السكان والقوى العاملة، ٢٠١٨، ص٢٦٠ و ص٣٤٨.

شێوەی ژمارە (٢) ژمارەی دانیشتوانی قەزای خانەقین (١٩٥٧ – ٢٠١٨)




سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٢).

## تەوەرەی سێیەم/ پێکهاتەی نەتەوەیی لە قەزای خانەقین

لەسەرجەم سەرژمێرییە گشتییەکانی عێراقدا هەمیشە دوو بڕگە بەشێوەیەکی هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئەوانیش بریتیبوون لە بڕگەی (نەتەوە) و (زمان)، چونکە بوونی ئەم دوو بڕگەیە لە نێو سەرژمێرییەکاندا زۆرێك لە ڕاستی و دروستی و تەنانەت ساختەکاری و گۆڕانکاری نێو سەرژمێرییەکان ئاشکرا دەکەن، تەنانەت ئەو زانیاری و داتایانەی کەلە هەردوو سەرژمێری (١٩٤٧) و (١٩٥٧) یشدا ئاماژەیان پێکراوە حکومەتی عێراق لێیان پەشیمانە، لەگەڵ ئەوەشدا کەبێ کەمووکورتی نین، چونکە هەندێك زانیاری و داتای سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگاکانی عێراق تێدا بڵاوکراونەتەوە کە ئاماژەی ئەوەی تێدا دەردەکەوێت کە زۆرێك لەو ناوچانەی کە حکومەتە یەك لە دوابیەکەکانی عێراق بە ناوچەیەکی زۆرینە عەرەبیان دادەنێت لە کاتی ئێستادا لە ساڵانی (١٩٤٧) و (١٩٥٧)دا زۆرینە کوردی بوون، بۆیە لە دوای ساڵی (١٩٥٧) وە ئیدی حکومەتە یەك لە دوابیەکەکانی عێراق بڕگەی پێکهاتەی نەتەوەیی و زمانی لەسەرژمێرییە گشتیەکاندا لادا، بەمەبەستی ئاشکرا نەبوونی ئەو داتا و زانیارییە فەرمیانەی کە بەهایەکی سیاسی و یاساییان هەیە و تاوەکو نەبنە بەڵگەنامەیەکی فەرمی و یاسایی و کاری جدی لەسەر بکرێت، لەم سۆنگەیەوە توێژەران ناچاردەبن پەنابەرنە بەر سەرچاوەی دیکەی نافەرمی بۆ زانینی پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان لەوانەش قەزای خانەقین.

سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای خانەقین لە سەرژمێرییە گشتییەکانی عێراقدا دەتوانین چەند ڕاستیەکی دیموگرافی و نەتەوەیی بخەینەڕوو، پاشان لە دەرەنجامی ئەو ڕاستیانە و شیکردنەوەیان ڕاستی ئەو پرۆسە بەدناوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بە سیاسەتی (بەعەرەبکردن) ناسراوە و قەزای خانەقین بەر شاڵاو و لێشاوی یەکەمی بەعەرەبکردن بۆتەوە، ئەم سیاسەتە لەم سەرژمێریانەی کە دەیخەینە ڕوو بەدەردەکەون.

یەکەم/ لەسەرژمێری ساڵی (١٩٤٧)دا ڕێژەی کورد لە قەزای خانەقین (٨٠,٥٪) بووە (قیتولي، ٢٠٠٧، ص١٥٢)، کە لەو کاتەدا ژمارەی دانیشتوانی قەزای خانەقین (٥٦٧٩٩) کەس بووە.

دووەم/ لەسەرژمێری ساڵی (١٩٥٧)دا پێکهاتەی نەتەوەی قەزای خانەقین گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەردا دێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣) و نەخشەی ژمارە (٣)، ڕێژەی کورد کە لەسەرژمێری ساڵی (١٩٤٧)دا لە (٨٠,٥٪)ی ژمارەی دانیشتوانی قەزای خانەقین بووە دابەزیوە بۆ (٥٨,٨٪)ی کۆی ژمارەی دانیشتوان، واتە بەڕێژەی (٢١,٧٪) کەمیکردووە و پرۆسەی سیاسەتی بە عەرەبکردنی قەزاکە بەچڕی دەستپێکردوە و جێبەجێکراوە، هەرچەندە بەهەمووئەو ستەم و سیاسەتە شۆڤینیانەوە هێشتا هەر ڕێژەی کورد هەر ڕیزبەندی یەکەمی وەرگرتووە، بەڵام ڕێژەی عەرەبیش بووە بە (٣٦,٥٪)ی دانیشتوانی قەزاکە و ڕێژەی تورکمانیش (٤,٦٪) بووە.

**خشتەی ژمارە (٣) پێکهاتەی نەتەوەیی لە شاری خانەقین لەساڵی (١٩٥٧)**

| یەکەی کارگێڕی | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی دانیشتوان کورد | ڕێژەی کورد ٪ | ژمارەی دانیشتوانی عەرەب | ٪ ڕێژەی عەرەب | ژمارەی دانیشتوانی تورکمان | ڕێژەی تورکمان ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری خانەقین | ٢٤,٨٩٦ | ٢١٠٤٥ | ٨٤,٥ | ٣٤٤٥ | ١٣,٨ | ٤٠٦ | ١,٦ |
| ن. قورەتو | ٥,٠٢٢ | ٥٠٢٢ | ١٠٠ | - | - | - | - |
| ن. مەیدان | ٣,٩٠١ | ٣٩٠١ | ١٠٠ | - | - | - | - |
| ن. سەعدیە | ٢٣,٦٨٠ | ٣٨٦٠ | ١٦,٣ | ١٧٥٤٧ | ٧٤,١ | ٢٢٧٣ | ٩,٦ |
| کۆی قەزا | ٥٧,٤٩٩ | ٣٣٨٢٨ | ٥٨,٨ | ٢٠٩٩٢ | ٣٦,٥ | ٢٦٧٩ | ٤,٦ |


بروانە:

أ ) د.خليل اسماعيل محمد، منطقة التخصر الحدودية بين العراق و ايران، دراسات في اثر الموقع على التركيب القومي للسكان، بدون اسم المطبعة، ١٩٩٧، ص٤٢.

ب ) صلاح الدين انور منصور، مصدر سابق، ص١٥٣.

ج ) د.خليل اسماعيل محمد، التوزيع الجغرافي للكرد في قضاء خانقين، مجلة دراسات، العدد (١)، ١٩٩٢، ص٥٧.

نەخشەی ژمارە (٣) پێکهاتەی نەتەوەیی لە شاری خانەقین لە ساڵی ١٩٥٧





(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٣).

سێیەم/ لەسەرژمێری گشتی دانیشتوان لە ساڵی (١٩٦٥)دا کە لە بارودۆخێکی سیاسی و سەربازی زۆر ئاڵۆزدا ئەنجامدرا و بە بۆچوونی پسپۆران بەخراپترین سەرژمێری دەژمێردرێت، چونکە هەرێمی کوردستان بەگشتی و قەزای خانەقین بەتایبەتی بوبووە مۆڵگەیەکی سەربازی گەورە و چەندین پێکدادانی سەربازی لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراقدا لە ناوچەکە ڕوویاندا (محمد، ١٩٩٢، ص٥٧)، لەبەرئەوە کارێکی ئاساییە کە کاریگەری ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە لەسەر دەرەنجامی سەرژمێرییەکە بە دەربکەوێت و ڕێژەی نەتەوەی کورد لە (٥٨,٨٪)ەوە دابەزێت بۆ (٥٤,٢٪) لە قەزای خانەقین، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤) و نەخشەی ژمارە (٤)، لەبەرامبەردا ڕێژەی نەتەوەی عەرەب لە (٣٦,٥٪)ەوە بەرزبووەتەوە بۆ (٣٩,٦٪) لە سەرژمێری (١٩٦٥)دا و ڕێژەی تورکمانیش لە (٤,٦٪)ەوە بەرز بوەتەوە بۆ (٥,٦٪)، لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ و دەڵێت بۆچی بەتەنها ڕێژەی کورد لە قەزای خانەقیندا نزم دەبێتەوە، وەڵام هۆکارەکە سیاسەتی بەعەرەبکردنی قەزاکەیە و لە دەرەنجامیشدا ڕێژەی کورد بەرە و کەمکردنەوە دەبەن.

**خشتەی ژمارە (٤) پێکهاتەی نەتەوەیی لە قەزای خانەقین لە ساڵی (١٩٦٥)**


| یەکەی کارگێڕی | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی دانیشتوانی کورد | ڕێژەی کورد ٪ | ژمارەی دانیشتوانی عەرەب | ڕێژەی عەرەب ٪ | ژمارەی دانیشتوانی تورکمان | ڕێژەی دانیشتوانی تورکمان ٪ | ٪ هی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزای خانەقین | ٣٩,٣١٦ | ٢٨,٦٢٦ | ٪٧٢,٨ | ٧,٠٤٣ | ٪١٧,٩ | ١٦٩٩ | ٪٤,٣ | ٪٥ |
| ناحیەی قزلەبات | ٢٢,٢٠٨ | ٤,٩٤٣ | ٪٢٢,٣ | ١٤,١٨٣ | ٪٦٣,٨ | ٢٠٨٢ | ٪٩,٣ | ٪٤,٦ |
| ناحیەی جەلەولا | ١٢,٥٩٩ | ٢,٥٦٠ | ٪٢٠,٣ | ٨,٤٤٧ | ٪٦٧ | ١١٠١ | ٪٨,٧ | ٪٤ |
| ناحیەی مەیدان | ٢,٨١٨ | ٢,٠٥٥ | ٪٧٢,٩ | ٧٣٩ | ٪٢٦,٢ | - | - | ٪٠,٩ |
| ناحیەی قورەتو | ٩,١٢٩ | ٨,٥٥١ | ٪٩٣,٦ | ٥٢ | ٪٥,٧ | - | - | ٪٠,٧ |
| کۆی قەزای خانەقین | ٨٦,٠٧٠ | ٤٦,٧٣٥ | ٪٥٤,٢ | ٣٠,٩٣٢ | ٪٣٩,٦ | ٤٨٨٢ | ٪٥,٦ | ٪٤,٣ |

سەرچاوە:-

أ ) د. عەبدوڵا غەفور، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشوری کوردستان بە گوێرەی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق، ١٩٧٧، ل١٥٩-١٦١.

ب ) د.شاكر خصباك العراق الشمالي (دراسة لنواحيه الطبيعية و البشرية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ص١٣٨.)

نەخشەی ژمارە (٤) پێکهاتەی نەتەوەیی لە شاری خانەقین لە ساڵی ١٩٦٥




سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٤).

چوارەم/ لە سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)دا کە لەدوای نسکۆی شۆڕشی کوردەوە ئەنجامدرا، بەشێوەیەکی ئاشکرا گۆڕانکاری ڕیشەیی و مەترسیدار لە پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای خانەقیندا بەدەردەکەوێت کە شێوازی گۆڕانکارییەکە هیچ لۆژیکێکی دیموگرافی و سیاسی قبوڵی ناکات و بەزەق مەرامی سیاسی و دیمۆگرافی حکومەتی بەعس لە هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕێندراوەکان و قەزای خانەقینیش بەتایبەت بە دەردەکەوێت کاتێك لە ماوەی نێوان دوو سەرژمێری گشتیدا کە دەکاتە (١٥ ساڵ) ڕێژەی نەتەوەی کورد (٥٠٪) کەمدەکرێتەوە، ئەویش کە لەساڵی (١٩٦٥) ڕێژەی کورد لە قەزای خانەقین (٥٤,٢٪)ەوە دابەزیووە بۆ (٢٧,٣٪) لە کۆی ژمارەی دانیشتوان، ئەویش لەبەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب بووە کە ڕێژەیان لە ساڵی (١٩٦٥)دا لە (٣٩,٦٪)ەوە بەرزبوەتەوە بۆ (٦٨٪)ی دانیشتوان لە ساڵی (١٩٧٧)دا، کەواتە مەرامەکە زۆر


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئاشكراو دیارە و پیادەكردنی پرۆسەی سیاسەتی بەعەرەبكردنێكی نالۆژیكیە، بروانە خشتەی ژمارە (٥) و نەخشەی ژمارە (٥)، كە بەچەندین شێواز هەوڵەكان خرانەگەڕ بەمەبەستی بەعەرەب كردنێكی یەكجارەكی قەزای خانەقین، هەنگاوەكانیش بەم خاڵانە دەستیان پێكرد:

١ ) دەستكاریكردن و ساختەكاریكردنی دەرەنجامی سەرژمێرییەكان كەوا دەربخات ڕێژەی عەرەب لە زیادبووندایە و ڕێژەی كورد لە دابەزیندایە و ئەم دەرەنجامانەش مەبەست لێی بەعەرەبكردنە بە شێوازێكی فەرمی.

٢ ) گرتنەبەری سیاسەتی (تەرحیل) كردنی كوردانی قەزای خانەقین بۆ ناوچەكانی دەرەوەی سنووری قەزای خانەقین و هەروەها (تەسفیر) كردنی كوردانی خانەقین بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی كەمكردنەوەی ڕێژەی كورد لە قەزاكەدا.

٣ ) نیشتەجێكردنی چەندین هۆزی عەرەبی لە سنووری قەزاكە تاوەكو ڕێژەی كورد نزمبێتەوە لە دەرەنجامیشدا ڕێژەی عەرەب بەرزبێتەوە.


٤ ) پیادەكردنی گۆڕانكاری كارگێڕی ئەویش بەشێوازێك جێبەجێدەكرا كە مەبەست لێی كە مكردنەوەی ڕێژەی دانیشتوانی كورد بێت لە قەزای خانەقیندا بۆ نموونە هەڵوەشاندنەوەی هەر دوو ناحیەی قۆرەتوو مەیدان زۆرینە كورد و ناچاركردنی دانیشتوانەكانیان بۆ كۆچكردن بۆ قەزای كەلار، بەمەبەستی كەمكردنەوەی ڕێژەی كورد لە قەزای خانەقین.

**خشتەی ژمارە (٥) پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە قەزای خانەقین لە ساڵی (١٩٧٧)**

| یەكەی كارگێڕی | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی كورد | ڕێژەی كورد % | ژمارەی عەرەب | ڕێژەی عەرەب % | ژمارەی توركمان | ڕێژەی توركمان % | % هی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزای خانەقین | ٤٤,٥٦٤ | ٢٠,٠٥٢ | ٪٤٥ | ٢١,٤٠٦ | ٪٤٨ | ٢,٦٠٧ | ٪٥,٨ | ٪١,٢ |
| ناحیەی مەیدان | ٢,٥٦٣ | ٣٣ | ٪١,٢ | ٢,٥١٨ | ٪٩٨ | ٥ | ٪٠,١ | ٪٠,٧ |
| ناحیەی قورەتو | ٥,٩٤٧ | ٣٠٣ | ٪٥ | ٥,٦٣٧ | ٪٩٤,٧ | ٢ | ٪٠,٠٣ | ٪٠,٢٧ |
| ناحیەی جەلەولا | ٢٨,٩٥٨ | ٥,٧٤٨ | ٪١٩,٨ | ٢٢,٢٩٤ | ٪٧٦,٩ | ٧١٥ | ٪٢,٤ | ٪٠,٩ |
| ناحیەی قزلەبات | ١٦,٨٣٤ | ٨٦٥ | ٪٥,١ | ١٥,٢٠٦ | ٪٩٠,٣ | ٦٧٥ | ٪٤ | ٪٠,٦ |
| كۆی قەزای خانەقین | ٩٨,٥٦٦ | ٢٧,٠٠١ | ٪٢٧,٣ | ٦٧,٠٦١ | ٪٦٨ | ٤,٠٠٤ | ٪٤ | ٪٠,٧ |

سەرچاوە/ فەیسەڵ دەباغ، كورد و كەمە نەتەوایەتیەكانی تر لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا، بەشی یەكەم، چاپخانەی پەروەردە، ١٩٩٣، ل٣٧.

نەخشەی ژمارە (٥) پێکهاتەی نەتەوەیی لە شاری خانەقین لە ساڵی ١٩٦٥




سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٤).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ئەنجام

١ ) قەزای خانەقین شێوەیەکی درێژکۆڵەیی وەرگرتووە، بۆیە دەبینین لە ئێستادا هەردوو ناحیەی مەیدان و قۆرەتوو دەکەونە هەرێمی کوردستانەوە، و هەرسێ ناحیەی سەنتەری قەزا و جەلەولا و سەعدییە دەکەونە ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی سنوری ئیدارەی هەرێم.

٢ ) لەسەرژمێرییە فەرمییە بەدوای یەکەکانی عێراق ڕێژەی کورد لەقەزاکە کەمی کردووە، لەبەرانبەردا ڕێژەی عەرەب زیادی کردووە بەتایبەت سەرژمێری (١٩٧٧)، هۆکاری ئەوەش بۆ سیاسەتی بەعەرەبکردن دەگەڕێتەوە کە لەلایەن حکومەتی ئەوکاتەی عێراقەوە.

٣ ) بارودۆخی سەرژمێرییەکان بەگشتی لەسودی نەتەوەی عەرەب بووە، بۆیە ڕێژەی نەتەوەی کورد لە قەزاکە کەمی کردووە، بەهۆی ساختەکاری و گرتنەبەری سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن.

٤ ) لەئێستادا بەشێوازێکی تر سیاسەتی بەعەرەبکردن لە هەرسێ ناحیەی سەنتەری قەزا و جەلەولا و سەعدییە دەبینیرێت، بەهاتنی ماڵە عەرەب بۆ ئەو ناوچانە و شێوازی بەڕێوەبردنی دامودەزگا و کۆچکردنی هەندێك لەو ماڵە کوردانە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی سەربە ئیدارەی هەرێم.

## پێشنیار

١ ) گرنگیدانی زیاتری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناوچە دابڕێنراوەکان، بە دانانی پلانی گونجاو بۆ ئەوەی ڕێژەی کورد لەو ناوچانە کەم نەکات و بە پێچەوانەوە ڕوو لە زیادبوون بکات.

٢ ) بەتین کردنی هەستی نەتەوایەتی لە نێو دانیشتوانی ناوچەکە، بە گیانی دڵسۆزانە و کوردپەروەرانەوە لە ناوخۆیاندا هاماهەنگی و هاوکاری یەکتر بکەن و سوربن لەسەر داواکارییەکانیان.

٣ ) هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دامودەزگاکانی حکومەت و قوتابخانە و زمانی ئاخاوتن لە ناو چین و توێژەکانی کۆمەڵانی ناوچەکە.

## سەرچاوەکان

١ ) تاڵب، جەزا تۆفیق، (١٩٩٩)، بایەخی جیۆپۆلەتیکیی ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٢ ) خصباك، شاكر، (١٩٧٣)، العراق الشمالي (دراسة لنواحيه الطبيعية و البشرية)، ط١، مطبعة شفيق، بغداد.

٣ ) الخلف، جاسم محمد، (١٩٦٥)، جغرافية العراق، ط٢، معهد الدراسات العربية العالية، القاهرة.

٤ ) الدفتر، محمد هادي و عبدالله حسن، (١٩٥٨)، العراق الشمالي، بغداد.

٥ ) دەباغ، فەیسەڵ، (١٩٩٣)، کورد و کەمە نەتەوایەتیەکانی تر لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە، سلێمانی.

٦ ) غەفور، عەبدوڵا، (٢٠٠٧)، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشوری کوردستان بە گوێرەی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق ١٩٧٧، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٧ ) قيتولي، صلاح الدين انور منصور، (٢٠٠٧)، التحليل الجغرافي لسياسة التعريب في قضاء خانقين (دراسة في الجغرافية السياسة)، رسالة ماجستير منشورة، كلية العلوم الآنسانية، جامعة السليمانية.

٨ ) محمد امین، هێرۆ نصرالدین، (٢٠١٦)، ڕاڕایی ئاووهەوایی و کاریگەی لەسەر ژینگەی سروشتی لە قەزای خانەقین (لێکۆڵینەوەیەك لە ئاوهەوای پراکتیکی)، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٩ ) محمد، خليل اسماعيل، (١٩٩٢)، التوزيع الجغرافي للكرد في قضاء خانقين، مجلة دراسات، العدد (١).

١٠ ) محمد، خليل اسماعيل، (١٩٩٧)، منطقة التخصر الحدودية بين العراق وايران، دراسات في اثر الموقع على التركيب القومي للسكان، ط١، بدون اسم المطبعة.

١١ ) یاسین، هاشم، و ئەوانی تر، (٢٠٠٩)، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تێنووس، هەولێر.

١٢ ) وزارة التخطيط، الهيئة العامة للمساحة، بغداد، خريطة العراق الادارية، قضاو خانقين, مقياس الرسم ١: ٥٠٠٠٠٠.

١٣ ) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للآحصاء، المجموعة الآحصائية السنوية لعام ١٩٨٦، مطبعة الجهاز المركزي للآحصاء، بغداد.

١٤ ) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للآحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزي للآحصاء، بغداد، ١٩٧٣.

١٥ ) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الآحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي ديالى و الكوت، دار التضامن للتجارة و الطباعة و النشر، بغداد، ١٩٦١، الجداول رقم (٢٢).

١٦ ) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للآحصاء السكاني، نتائج التعداد العام للسكان السنة ١٩٧٧، لمحافظة ديالى، مطبعة الجهاز المركزي للآحصاء، بغداد، ١٩٧٨.

١٧ ) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للآحصاء السكاني، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، المحافظة ديالى، مطبعة الجهاز المركزي للآحصاء، بغداد، ١٩٨٨، جداول رقم (٢٢).

١٨ ) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، تقديرات سكان العراق (٢٠١٥ – ٢٠١٨)، مديرية احصاء السكان والقوى العاملة، ٢٠١٨.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360